# حکومەتێکی لاواز و کەم دەسەڵات لە ئێراقدا ناتوانی هەنگاوی بوێرانە و مەزن بهاوێژی ... حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ

husin966@yahoo. com

وا بۆ زیاتر لە چوار ساڵ دەچێت دەسەلاتی رژێمی دیکتاتۆری لەناو چووە ئەو دەسەلاتەی کە بەرنامە و میتۆدەکەی داپڵۆسین و کۆکوژی و رەشەکوژی و خۆسەپاندن بوو، بە هەوڵ و تەقەلا و هیمەتی پارت و رێکخراو وکۆمەڵەی سیاسی و کەسانی دلسۆز و ئۆپۆزسیونی ئێراقی و بەبەشداری خەڵکی نەتەوەی و نیشتمانی و بە چاودێری و پشتگیری ئەمەریکا و ولاتانی دیکەی دونیا دەسەلاتێك بۆ کارگێری و بەرێوەبردنی دەوڵەتی ئێراق لە جێگای ئەو دەسەلاتە لە ناوچووە دامەزرا، ئەم سیستەمی بەرێوەبردنە نوێیە هەرچەندە ئەزموونێکی تازە سەرەتایەکی نوی بوو بەلام چەند قۆناغێکی بە حیساب بەرەو کامڵبوون بری و هەر لە پرۆسەی هەڵبژاردن و دامەزراندنی حکومەتی کاتی و حکومەتی ئینتیقالی تاکو دەگاتە ئەو دەسەلاتەی کە حاڵی حازر بوونی هەیە.

گومان لەوەدا نییە لەرەگ و ریشە هەڵتەکاند و تەفر و تونا کردنی دەسەلاتیك کە زیاتر لە سی و پێج ساڵ فەرمارەوایی بکات و بەردەوام و هەمیشە بەزمانی ئاگر و ئاسن و هەرەشە کار بکات هەروا ئاسان نییە، ناشێت لەگەڵ لە سەر تەخت لابردنی سەرانی هەرەمی دەسەلاتداراندا ئیتر دۆخەکە ببێتە شامی شەریف بەچاو تروکانێك ئیدی هەمووشتەکان گۆرانی بنەرەتی بەسەردا بێت و بەئاراستەی باشتردا بڕوات بەبی ئەوەی هیچ کۆسپ و تەگەرە و کەند و لەندێك بێتە پێش پرۆسەی پەرەسەندنەکە، وەلی ئەوەی جێگای سەر سورمان و رامانە ئەوەیە کە کورد گووتەنی: (ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار) چونکە لە دەستپێك و سەرەتای پرۆسەی ئازادی ئێراقدا خەڵکی بە هیوایەکی دیکە دەژیان و گەشبین بوون بە ئایندە و خەونی جوان جوانیان بە داهاتووەوە دەبینی، خەڵکی ئێراق بەگشتی و چاودێرانی سیاسی بە تایبەتی چاوەروانی ئەوە بوون رۆژ لە دوای رۆژ بارو دۆخەکە روو لە هێوەر بوونە و کەنار گرتنی گۆمە شڵقیوەکە بچێت و هاوکات بەرەو بەرکەماڵ بوونی ئاسایش و تەناهی بچێت و خەڵکی ئێراق لە دەردەسەری و میحنەت و مەینەتیەکانی سەردەمی پێشوو رزگار بێت و ئیتر مەگەساتەکان نەگەرێنەوە، خوێن رشتن و رەشپۆشی نەبێتە میوانی ماڵەکانیان و چاوەروانی ئەوە بوون کە دەسەلاتێکی دیموکراتیانە ببێتە جێگرەوە و ئەلتەرناتیفی ئەو حوکمە شەرەنگێز و قەرەقوشیانەی ساڵانی رابردوو کەهەر جارێك شەری بەدەوڵەتێك دەفرۆشت، چاوەروانی هەرزانی و ئاسودەی و پێکەوە ژیان و پێکەوە کار کردنی سیاسیانەوکۆمەلایەتیانە بوون و چاوەروانی قەرەبوو کردنەوەی زەرمەند و زیان لێکەوتوانی دەستی رەشی بەعسیەکان بوون کە بەدەست رژێم لە ناوچوو تووشی زەر و زیانی سەروماڵی بوون، چاوەروانی دیاری کردنی چارەنوسی شوێن بزرگراوان و وون بووەکان بوون، چاوەروانی ئەوە بوون مافی هەموو نەتەوەکان زامن و مسۆگەر بکرێت، چاوەروانی ئەوە بوون کە گەندەڵی و دزی و فزی نەمێنێت و دادوەرە کۆمەلایەتیەکان دەستەبەر و فەراهەم بکرێت، چاوەروانی ئەوە بوون دەرکراوەکان بگەرێنەوە شوێن و مەئوا و مەنزڵی خۆیان و کۆتایی بە سیاسەتی تەعریب و تەهجیر و تەرحیل بێت.

(رێگا هەزاران فەرسەخ بێت بەیەکەم هەنگاو دەست پێدەکات) دیسان ئەمەش پەندێکی کوردیە بەلام ئەو هەنگاوە دەبێت بەرەو پێشەوە بێت نەك بۆ دواوە بگەرێتەوە، چوار ساڵ تەمەنێکی کەم نییە بۆ ئەوەی هەنگاوێك لە چاو چرکە ساتەکانی دامەزراندنی حکومەتی ئێراقی دوای سەدامدا ئەگەر بەرەو پێش برۆیشتایە کەم و زۆر دەرکی پێدەکرا و ئێستا لەم گوزرانە ناهموار و ئاڵۆزەدا نەدەژیاین.

ئەوەی ئەم میللەتەی هەراسان و نیگەران و تووشی دڵە راوکی کردووە هەلو مەرجەکە کت ومت لە ساڵی یەکەمی روخانی رژێمی لەناوچوو ناچێت بەڵکو هەندێك یان بەدیدی من زۆریش پاشەکشەی بۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دواوە کردووە کێرقی کوشتن و برین وکۆمەڵ کوژی خەڵکی بێدیفاع و سقیل بەردەوام بەرەو زیاد بوون دەڕوات، ترس و نائارامی و ئاوارەبوون زۆربەی ماڵەکانی سمیوە.

ئاڵای ئێراق تاکو ئێستا لە فەرمانگە و دام و دەزگاکانی حکومەتی ناوەندی ئێراقدا دەشەکێتەوە، تیرۆرستان و پاشماوەی بەعس و بەرهەڵستکارانی ئەم حکومەتەش هەر هەمان ئاڵا هەڵدەگرن بۆ دژایەتی کردنی حکومەت، مانەوەی ئەم ئاڵایە بێدەسەڵاتی و لاوازی حکومەت دەگەینی، ئەگەر حکومەتێك توانای گۆڕینی ئاڵایەکی نەبێت ئیتر ئێمە دڵ بەچی خۆش بکەین؟ چۆن چاوەڕوانی هەنگاوی بوێرانە و مەزنی لێبکەین؟

حکومەتی ئێستای ئێراق بووتە گاڵتەجاڕی منداڵان و هەر ڕۆژێك ستافێکی پارتێك لە پەرلەمان یان حکومەت خۆی دەکێشتەوە، هەندێك کەس کە ئەفسەر و پۆلیس و کار بەدەستن لە دامەزراوە حکومیەکاندا و حکومەت خۆی متمانەی پێداون بۆ پاراستنی سەر و ماڵی خەڵکی و بەر قەرار کردنی ئاسایش کەچی خۆیان پاش دز و تیرۆرست دەردەچن و بەرنامەڕێژی بۆ تەقینەوەکان دەکەن.

مادەی 140 لە دەستوری هەمیشەی ئێراقدا دەنگی لەسەر دراوە و چەسپاوە کەچی کار بەدەستانی حکومەتی ئێستا بە سەرۆك وەزیرانیشەوە هەرجارەی بە بیانویەك خۆیانی لێدەدزنەوە ئەگەر بۆ مادەیەکی دەستوری ئاوا بچنە پێش و ئەرکی سەرشانیان ڕاپەڕێنن ئێتر چاوەڕوانی کردەوە و داهێنانی باشتریان چۆن لێدەکرێت؟.

ناوچەی سەوز (گرین زۆن) بووتە باشترین نەوای ئارام بۆ فەرمانڕەواکانی ئێراق بەڵام لە وێشدا سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (بان کی مۆن) لەلایەن تیرۆرستانەوە هەڕەشەی لێکرا و تۆپباران کرا، ئەگەر ئەو ناوچەیە سەلامەت بێت خوای دەکرد هەموو ئێراق گڕی تێبەر دەبوو و دەبووە خۆڵەمێش. ئەگەر لەسەر ئەم تەوەرە بڕوات ئەوە حکومەتەی ئێستا ناتوانی لەسەر قاچەکانی خۆی بوەستێت و یەکپارچەی ئێراقیش ئاسنی سارد کوتانە بەڕای من، با کات بە فیرۆ و هەدەر نەدەین و بیر لە شێوازێکی دیکەی بەڕێوەچوون و میکانیزم و سیستەمیکی نوێی گونجاو بۆ چارەسەری گرفت و کیشەکان بدۆزینەوە، ئەگینا حاڵی خەڵکی ئێراق وەکو دەواری بەردەم ڕەشەبای لێدێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.